# مۆبایل بۆ خزمەتە یان بۆ زەحمەت

**سالار بابەشێخ**

لەلای خەڵکی ئاشنا بە پێوەرەکانی ئینسانی، هەموو کەرەستەیەکی پێویستی ژیان بە شێوازێکی دروست کەڵکی لێوەردەگیردرێت، جۆری بەکارهێنانیشی لە هەر کۆمەڵگەیەکدا دەگەرێتەوە بۆ ئاستی وشیاری و رۆشنبیری ئەو کۆمەڵگەیە.

لە کوردستانی بێدەوڵەتی ئێمەی کورد، بە هۆی نەبوونی دەسەڵاتێکی سەربەخۆی جێکەوتوو، تاکی کورد بۆتە قوربانی سیاسەت و دابونەریتی داگیرکەرانی وڵاتەکەی و نەیتوانیوە وەك وڵاتانی پێشکەوتووی گیتی، شۆڕشێکی فەرهەنگی بەرپا بکات.

لە لایەکی دیکەوە بە هۆی کاڵبوونی پرۆگرامی تایبەت بە بواری پەروەردەی خێزانی، نەبوونی بەرنامەی زانستی و بابەتیانە بۆ راهێنانی یاسایی و یاسامەند کردنی تاکی کورد، هەروەها کارنەکردنی بناغەیی هەر لە تافی منداڵییەوە، بەردەوام لە ئاستێکی زۆر و بەرچاودا تووشی دیاردە و قەیرانی جۆراوجۆر بۆتەوە.

ئەگەر واز لە دیاردەکانی فرەژنی و ژن بە ژنێ و توندوتیژی و خۆسووتاندنی ژنان و کوشت و بڕ و ...هتد بێنین، هێشتا زۆر دیاردەی ناڕەوای دیکە هەن کە دەکرێت بە ناخیاندا شۆڕبینەوە و بیخەینە بەر باس و گوتار و نووسار، یەك لەوانە (مۆبایل) و چۆنیەتی بەکارهێنانیەتی. نووکە لێدان، خۆ پێوە خافڵاندن وکات بەفیڕۆدان، ئازاردانی خەڵك، وێنە هەڵگرتن بە بێ ئاگاداری و مۆڵەت وەرگرتن، ناونیتکە و ناوزڕاندنی خەڵك و... هتد، هەر کام لەوانە دەچێتە خانەی سازکردنی دەیان گیر و گرفتی کۆمەڵایەتی. هەر ماوەیەك لەمەوبەر لە شەقامی تەیراوای هەولێر گەنجێك لە سەر نووکە لێدان کوژرا، ناوی چەندین قوتابی کچ لە وانەکانی خوێندنی زانکۆکاندا کەوتە سەر زاران، گرانی نرخی سیمکارت و کارتی مۆبایل و چۆنیەتی دابینکردنی لە لایەن کڕیارەکانەوە، فێڵ و تەڵەکەی ئەوانەش کە بە مۆبایلی خەڵك پەیوەندییەکانیان جێبەجێ دەکەن، و... هیچیان بۆ خزمەت ناشێن و بارانی رەحمەتیش نین، بەڵکو وەك لێزمەی تەرزەیەکی تێکدەر، بە خوڕ بە سەر کەللە سەری تاکدا، بەردەبێتەوە و ئاکامێکی جگە لە مەینەت و زەحمەت و سەر ئێشە نابێت.

مۆبایل، تەلەفوونێکی گیرفانی و بەریی رەنج و زەحمەتی خەڵکێکی داهێنەرە، هەتا توانیبێتیان لەو رێگەوە خزمەتێك بە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی بکەن، ئاسانکارییەکی فراوانیشی لە پەیوەندییەکانی تاکدا دروستکردووە، بەڵام دیاردەی چەوت و نادروستی بە خراپە کەڵك وەرگرتن لە کەرەستەکانی ژیان، وای لێدەکات، هیچ حیسابێك بۆ مافی تاك وەك مرۆڤێکی تایبەتمەند نەکرێت و هەندێکجار تەعداشی لێبکرێت.

"ئەم هەویرە ئاوی زۆر هەڵدەگرێت" و لە گۆشە ستوونێکدا جێگەی نابێتەوە، بۆیە ناچار بە ئاماژەیەکی کورت لەوبارەوە پەسەندە دەکەم.

بێگومان چەواشەکردن و گۆڕینی رۆخساری دیموکراسی و بە لاڕێدا بردنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و کاڵکردنەوەی خۆوشیاری لە کۆمەڵگەی کوردی، هۆکارێکن بۆ پەرەپێدانی دیاردە ناشیرینەکانی نێو نیشتمانو کیانی هەستیاری ئێمەی کورد. ئاواتە خوازم خەڵکی پسپۆر و بە توانا بە شێوەیەکی بابەتیانە لەسەر ئەم دیاردەیە شیکاری بکەن و بەرەنگاریکردنی رەفتاری چەقبەستوو، بخەنە بەرنامەی کاری دڵسۆزانە بۆ خزمەت بە گەل ونیشتمان.